# کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ڕوانگەی جێندەریی لە هەرێمی کوردستان لە دیدی مامۆستایانی زانکۆوە

م.ی. سارا قادر

sara mohammed@univsul.edu.iq.

بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب /زانکۆی سەلاحەدین

پ.ی د. ئاراز رەمەزان احمد

araz.ahmad85@gmail.com

بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان ، زانکۆی ڕاپەڕین

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٤\٢١

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤\٧\٢

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەویە کاریکردووە لەسەر خستنەڕووی ڕادەی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ڕوانگەی جێندەریی، لە هەرێمی کوردستان، لە دیدی مامۆستایانی زانکۆوە، بۆ دەستخستنی زانیاریی؛ توێژەر پشتی بە فۆڕمی تایبەتی ڕاپرسی وەرگرتوە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و لەناویشیاندا وەک نمونە ٥٠٠ مامۆستای لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، لەسەر بنەمای میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕاپێوی ئەم کارەی ئەنجام داوە بە ئامانجی زانینی ئاستی پشتبەستن بە پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و (پەیوەندی و کاریگەری) بە ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستان و خستنەڕووی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و (پەیوەندی و کاریگەری) بە بونیادنانی پشتبەستنی نوێ، هەروەها زانینی ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و (پەیوەندی و کاریگەری) بە گۆڕینی تێڕوانینی بەکاربەران بۆ ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگیدانی بەکاربەرانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بڵاوکردنەوەی بابەتی. توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا بە چەند دەرەنجامێک گەیشتوە کە وەک ئەوەی کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە پرسی جێندەریدا و لە بارودۆخی سەرهەڵدانی باسی جێندەرەوە بزوێنەرێکی کاریگەرن بۆ خستنەڕووی ڕووبەڕوبوونەوەی هەڵوێستەکان لەسەر جێندەر و بەشداریکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گفتوگۆی بابەتی جێندەری بەجۆرێک کە دەبنە سەنتەر بۆ گۆڕینی تێڕوانین، بەرانبەر جێندەر و چارەسەرکردنی پرسی دیدگای جێندەرەوە لە لایەن 'نێرەر'ەوە هەروەها ئاستی زانیارییبەخشی سەبارەت چارەسەری بە پرسی جێندەر بەرز دەکەنەوە. هەروەها دەرکەوتووە کە لە هەرێمی کوردستان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی نەرێنیان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەیە پەیوەست بە ڕوانگەی جێندەری

و ئەو بابەتانەی دەربارەی جێندەر پۆست دەکرێن. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ناوەندێکی فراوانی دروستکردووە بۆ گەیاندنی زانین لەبارەی ڕوانگەی جێندەرییەوە بە وەرگران بەجۆرێک فراوانی تێگەیشتن لە ڕوانگەی جێندەری بە وەرگران دەدات و ئاستی زانین دەربارەی ڕوانگەی جێندەری زیاد دەکات و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئاستی زانین دروستکردووە ئەمەش بەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە بەشداریی دەربارەی ڕوانگەی جێندەری زیاد بکات.

**پێشەکی**

پرسی جێندەر لە جیهاندا ڕوانگەی جیاوازی هیناوەتە بوون، لە لای تاک و ڕێکخراوو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بوتە پرسی گەرم و پڕ گفتو گۆ، ئەو گفتوگۆیانەش لەبارەی ئەو پرسەوە دەکرین چەندین ئاراستەو ڕوانگەی جیاجیای لەناو چین و توێژەکاندا هێناوەتە ئاراوە.

هاتنە ئارای ئەم ڕوانگە جیاوازانەش جگە بیرکردنەوەی تاک کۆمەڵێک هۆداریەتی جیاواز و پێکهینەری ڕوانگە کاریگەری لەسەر هاتنە ئارای ڕوانگەی جیاواز هەیە، لەوانەش ڕوانگەی کولتوری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەروەها ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەو ڕوانگانە لە ڕاگەیاندنی نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەتایبەت کاتێک کە پرسێکی نوێ لەنیو کۆمەڵگەیەکدا دێتە ئاراوە دەبێتە جێی گفتوگۆ، ڕاگەیاندن یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ڕوانگەی جیاواز لەسەر ئەو پرسە بهینێتە دی، لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا پرسی جێندەر یەکێکە لەو پرسە تازانەی کە زۆر بە گەرموگوڕی بووە جێی گفتوگۆ، بە تایبەت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش ڕوانگەگەلێکی جیاوازی هێنایە ئارا و تیگەیشتن و وەرگرتنی ئەو پرسە زۆر گفتوگۆی بە دوای خۆیدا هێنا.

ڕەنگدانەوەی ئەو پرسە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چووەتە ئاستێک کە بووەتە بابەتی توێژینەوەی توێژەران و کارکردن لەسەر دیاریکردنی ڕادەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە لایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە کاردەکات لەسەر کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستان لە دیدی مامۆستایانی زانکۆوە، ئەمەش بە وەرگرتنی ڕای مامۆستایانی زانکۆ لەسەر ئەو ڕوانگە جیاوازانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان خراونەتە ڕوو، ئەو کاردانەوانەی کە لەسەر ئەو پرسە هەیە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە پێک دێت لە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە و دیاریکردنی ئامانج و پرس و گرنگی و ڕێبازەکانی توێژینەوە، لە بەشی دووەمدا بە کورتی لەبارەی ڕوانگەی جێندەرییەوە چەند بابەتێک خراونەتە ڕوو.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەو زانیارییانەیە کە توێژەر لە ڕووی پراکتیکیەوە کاری لەسەر کردوە لە سەر نمونەی توێژینەوەکەی کە مامۆستایانی زانکۆن. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

جێندەر لە هەرێمی کوردستان چ وەک چەمک چ وەک روانگە بابەتێکی نوێیەو تا ئێستە نەیتوانیوە بەروونی جێگەی خۆی بگریت، هەربۆیە دیدو روانگەی زۆر جیاواز لەبارەیەوە دەرکەوتوون، لێرەوە سەرەکیترین کێشەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناڕۆشنی و تەمومژاویبوونی "کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا"

بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری کێشەی توێژینەوەکە، دەکرێت چەند پرسیارێکی دیکە بخرێنە ڕوو، لەوانە:

1. ئایا پشتبەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی هەیە لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستان؟
2. ئایا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی و کاریگەریی بە بونیادنانی پشتبەستنی نوێ هەیە؟
3. پشتبەستن بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی و کاریگەریی بە ڕەفتار و بیرکردنەوە و تێڕوانینی بەکاربەران بۆ پرسە جێندەرییەکان لە چ ئاستێکدایە؟
4. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی و کاریگەریی بە گۆڕینی تێڕوانینی بە کاربەران بۆ ڕوانگەی جێندەری، لە هەرێمی کوردستان، لە چ ئاستێکدایە؟

### دووەم: بایەخی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریەتی لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستاندا، گرنگی زۆری هەیە و لە ڕۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و هەنوکەییە، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە چونکە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان کە سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوە، بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری سیاسی و جێکەوتە کۆمەڵایەتی و جێندەرییەکان دروستکردووە، بە تایبەتی ئینتەرنێت و لەو نێوەندەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەك توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەم لەبواری پراکتیکدا، دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگە لەوە کتێبخانەی کوردی کەمترین توێژینەوەی لەسەر بابەتی سۆشیال میدیا و پەیوەندگیری لە بواری جێندەر و جێندەرسازی و مافی هەرکەسێک وەک ئەوەی کە هەیە و بێ جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان قبوڵ بکرێت.

هەروەك چۆن، ڕێکخراو و گروپە فێمێنیستیەکان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکردن لە مافی ژنان و هاوسەنگی جێندەری، دەتوانن سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، بۆ شێواز و میتۆدەکانی چۆنێتی پشتبەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕوانگەی

جێندەر لە هەرێمی کوردستان و کارکردن لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری بەکاربەران و جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی و بەڕێوەبردن و دروستکردنی کەمپەینی کاریگەر لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەیە لە "کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیدی مامۆستایانی زانکۆوە" هەروەکچۆن، ئەم توێژینەوەیە چەندین ئامانج و مەبەستی زانستیی تری هەن، گرنگترینیان بریتین لە:

1. زانینی ئاستی پشتبەستن بەپلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و (پەیوەندی و کاریگەری) بە ڕوانگەی جێندەری لە هەرێمی کوردستان.
2. خستنەڕووی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و (پەیوەندی و کاریگەری) بە بونیادنانی پشتبەستنی نوێ
3. خستنەڕووی گرنگیدانی بەرکاربەرانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبڵاوکردنەوەی بابەتی فێمینیستی لە هەرێمی کوردستان

**چوارەم: جۆرو ڕێکاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری توێژینەوەی (**وەسفی**)یە و بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پراکتیکیەکەی، پشت بە میتۆدی (**ڕاپێوی**) لە ناو مامۆستایانی زانکۆدا لە هەرێمی کوردستان دەبەستێت، بۆ کۆکردنەوەی داتای بنەڕەتی، هەروەکچۆن توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە میتۆدی **شیکاریی ناوەڕۆك** بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهێنراوەکانی ڕاپێوی و خستنەڕووی ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**پێنجەم: کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەکچۆن بۆ ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەبەر چەندین هۆکارو فاکتەری زانستی و بەربەستی وەکو کات و بودجە و ستاف، توێژەر سامپڵ یان نموونەیەکی لە کۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە کە نمونەیەکی هەرەمەکی ڕێکخراوە کە پێکدێت لە ٥٠٠ مامۆستای زانکۆ حکومییەکانی هەریمی کوردستان.

**شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پشتدەبەستێت بە فۆرمی ڕاپێوی تایبەت وەک ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان

حەوتەم: ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

نەخشەی (1) ڕاستی جێگیری ( مقايس كرونباخ الفا )

| بەهای جێگیری ( مقايس كرونباخ الفا ) | پێوەری گشتی |
|---|---|
| 0.885 | مقايس كرونباخ الفا |

نەخشەی (1) زانیاری تایبەت ڕاستی جێگیری (مقايس كرونباخ الفا) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت بەهای جێگیری بە شیوەیەکی گشتی بە ڕێگەی (مقايس كرونباخ الفا) دەکاتە (0.885) کە گەورەترە لە بەهای (0.65) دەردەخات بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

**هەشتەم: ئامرازە ئامارییەکان**

١) ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي - Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

ناوەندی ژمێریاریی کێشکراو ( الوسط الحسابي الموزون ) ( Weight Mean )

$$\bar{X}_w = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i w_i}{\sum_{i=1}^{n} w_i}$$

٢) لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري - Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

$$Standerdeviation(S.D)_w = \sqrt{\frac{\sum_{i=1}^{n} w_i(x_i - \bar{x}_w)^2}{\sum_{i=1}^{n} w_i - 1}}$$

٣) هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (Sperman -rank Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان. وەکو گۆڕاوی (x، y)

$$Correlation(r) = 1 - \frac{6\sum_{i=1}^{n} {d_i}^2}{n(n^2-1)}$$

٤) هاوکێشەی (Rnak Simple Regression Model) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی و ڕۆڵی گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ بۆ گۆڕاوێکی سەربەخۆ. وەکو گۆڕاوی (x، y) (x) بریتییە لە گۆڕاوێکی سەربەخۆ وە (y) بریتییە لە گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ.

$$Y_i = \beta_o + \beta_1 x_i + e_i$$

**هەشتەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

١. جێندەر لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و فێمێنستیەکاندا، توێژینەوەی عومەر عەلی ئەحمەد/ زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی

توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە دەربارەی چیەتی و تیۆرە هزریەکانی جێندەر، ساڵی ٢٠٢٠

ئەم توێژینەوەیە باس لە دەرخستنی شیکارییە تیۆرییەکانی سۆسۆلۆژیا دەکات بۆ چەمکی جێندەر و خستنەڕووی شیکارییە تیۆرییەکانی تیۆری فێمێنزمە بۆ چەمکی جێندەر.

وەک لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە کێشەی توێژینەوەکە بەرجەستەکردنی پرسیارێکی سەرەکییە کە

- ئایا تۆرە کۆمەڵایەتی وفێمێنستیەکان چۆن راڤەی چەمکی جێندەر دەکەن؟
- ئایا ئەم تیۆرانە و بە تایبەتی تیۆرە فێمێنستیەکان واقعین؟
- ئایا ئەم تیۆرانە جارێکی دیکە هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی رەگەزێک پارسەنگ دەدەنەوە، یان ئەوەتا تەنها یەکسانی جێندەری بەرهەم دەهێنن؟
- لە دوای ئەنجامدانی رێکارەکان و شیکاری و خوێندنەوە بۆ تیۆرەکان توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە لەوانە:
- چەمکی جێندەر لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە رێی کۆمەڵناسی وەک هەوڵێک بۆ راڤەکردنی رۆڵ و پێگە و ئاستەنگەکانی هەریەک لە ژن و پیاو دەرکەوت.
- تیۆری فێمێنستی لیبراڵی لە نەرمونیانتری ئەو تیۆرە هزریانەن کە لەبواری فێمێنستیدا چێ کراوە.
- تیۆری فێمێنیزمی رادیکاڵی داوای گۆرانی ریشەییان دەکرد لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەوەی بتوانن بە یەکجاری کۆتایی بە هەژموونی نێرسالاری بهێنن.

٢. ناوەڕۆکە جێندەریەکان لە پەڕەکانی فەیسبوکدا و دەوریان لە ریزکردنی ئەولەویاتی ژنان، توێژینەوەی توێژەران (رند زهير عبراهيم السلامی، ا.د. عبد الامير مويت للفيسل) زانکۆی بەغدا، کۆلێژی راگەیاندن، بەشی رۆژنامە ٢٠١٩

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (ناوەڕۆکە جێندەریەکانی پەڕەکانی فەیسبووک چییە و کاریگەری ئەو ناوەڕۆکانە لەسەر کاریگەری ئەولەویاتی ژنان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەر بە میتۆدی وەسفیە کە تیایدا لێکۆلەر میتۆدی راپێوی و بە دیاریکراوی بە رێگەی مشتە بۆ کۆکردنەوەی پێدراو و زانیاریەکان لەبارەی پەیوەندی ناوەڕۆکە جێندەریەکان لە پەڕەکانی فەیسبووکدا پەیوەندیان بە ریزکردنی ئەولەویاتی سامپڵی توێژینەوە چونکە راپێوی بە سامپڵ دەرەنجامێک دەدات بە دەستەوە کە دەربڕی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە بۆ ئەمەش سوودی لە ئامرازی فۆرمی راپرسی وەرگرتوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریە پێویستیەکان

بۆبە دەستهێنانی دەرەنجامی لۆژیکی کە پشتی بە زانیاریی ورد دەبەستێت لێکۆڵیاری ئەم باسە زیاد لە ئامرازێکی بەکارهێنا وەک (چاوپێکەوتنی یاساڕێژکراو، سەرنجی زانستی، راپرسی ئەلیکترۆنی:

لێکۆڵینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرەنجام گەشت کە گرنگترینیان بریتیە لە (فەیسبووک بە ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەری دادەنرێت کە بەکارهێنەر پشتی پێدەبەستێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ، هەروەها ئامرازێکە بۆ دروستبوونی

ئاڕاستە و گۆڕانی ڕەفتار. پەیوەندی ناوەڕۆکە جێندەرییەکان لە فەیسبووکدا بە ئەولەویاتی ژنانەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە واتە چەند ناوەڕۆکەکان لە بابەتێکی دیاریکراودا زیاد بکەن، ئەولەویاتی ژنانیش زیاد دەکەن.)

**نۆیەم: خستنەڕووی چەمکەکان**

کاریگەری: بریتییە لە گۆڕین لە ڕەفتار و وتە و قەناعەت و بیرکردنەوە و هەڵسوکەت و ئایدیا و بۆچووندا، لە ئەنجامی بیستن یان بینینی ڕەفتار یان بیروڕا و هەڵسوکەوتێکی دیکەدا. کاریگەریی چەندین ڕووی جیاواز و شێوازی جیاوازی هەیە، لە ڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری و ....هتد، بەڵام لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە کاریگەریی کۆمەڵایەتییە.

تۆرە کۆمەڵایەتیەکان: تۆڕی کۆمەڵایەتی، وێبسایت یان کۆمەڵە وێبسایتێکە کە بەو بەکارهێنەرانەی حەز دەکەن ئارەزووەکان. بیروڕا و چالاکییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوانەی دیدا هاوبەشی پێبکەن، ئەوانی دیش لەگەڵیاندا هاوبەشی بکەن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەزایەکن لە دنیای مەجازیدا کە بۆ پەیوەندیی نێوان تاکە جیاوازەکان، بە ئاستی جیاوازی دەستگەیشتن دروست بووە.

جێندەر: ئاماژەیە بە تایبەتمەندی و کاراکتەری ژن، پیاو، کچ و کوڕ کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکرێت، ئەمەش نۆرم و ڕەفتار و ڕۆڵی پەیوەست بە ژنبوون یان پیاو یان کچ یان کوڕ و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەگرێت. وەک بنیاتێکی کۆمەڵایەتی، شوناس و ناساندنی جێندەر لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە و دەکرێت بەپێی کات بگۆڕێت.

ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی: بوونی فەزایەکی گونجاو بۆ پەیوەندیی چاودێرینەکراو لە چوارچێوەی ئازادیەکی گەورەدا بۆ دەربڕین هەروەها بەردەستبوون و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان، کەمبوونەوەی تێچوونی بە شێوەیەک کە بەکارهێنەر بتوانیت بە شێوەیەکی فراوان بەکاری بهێنێت کە وای لەکارخانە بەرهەمهێنەرەکان کرد، تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پێگەکان بەرهەم بهێنن. هەموو ئەوانە هاوکاریی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات کە یارمەتی دروستبوونی ئامرازی ڕاگەیاندنی ئەلتەرناتیڤی دا کە بە (ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی ) ناودەبرێت.

ڕوانگەی جێندەری: ڕوانگەی جێندەری، جەخت لەسەر جیاوازی جێندەری لە دۆخ و دەسەڵات دەکاتەوە، هەروەها تێڕوانینی جێندەریی لە کاریگەری ڕەگەز لەسەر هەل و دەرفەتەکانی خەڵک و ڕۆڵ و کارلێکەکانی کۆمەڵایەتی دەڕوانێت، جێندەر پێکهێنەرێکی دانەبڕاوی هەموو ڕوویەکی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆژانە و تایبەتی تاک و کۆمەڵگایە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە.

هەرێمی کوردستان: ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق، لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە (دەستوری هەمیشەیی عیراق، 2005)

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: جێندەر (ڕەگەز)

چەمکی جێندەر یەکێک لەو چەمکانەی ئاڵۆزییەکی زۆری لەناو هزری خەڵکیدا دروستکردووە. چەمکەکە پێش ئەوەی بناسرێت لە لایەن کەسانێکەوە ڕووبەڕووی ڕەدکردنەوە و ناوزڕاندن هات و وەک چەمکێک مامەڵەی لەگەڵ کرا کە لەگەڵ دابونەریتی خەڵکی کوردستاندا ناگونجێت. برایانی ئیسلامی سیاسی بە توندی بەگژ چەمکەکدا دەچنەوە و وای دەبینن ئەم چەمکە بەرەو دنیایەکی نائەخلاقی و ڕۆژئاواییمان دەبات کە لەگەڵ دابونەریتی دینی خەڵکی کوردستاندا ناگونجێت. بگرە هەندێک نوسەری ئیسلامی بە زاراوەیەکی دادەنێن کە بۆ دژایەتی خێزانی موسڵمان هاتووە: (..جێندەر تەنیا وشەیەک یان چەمکێکی سادە نییە و ئەم مانایانەی پێناسەکانی هەڵگرێتی، کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی سیستەمێکی کامڵی ئامانج و سیاسەتێک پێک بهێنن کە لە ڕووکەشدا ئامانجی بەدیهاتنی مافەکانی ژنانە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئامانجی خێزانی موسڵمان و کۆمەڵگەی موسڵمان و قەوارەی ئیسلامیە بەشێوەیەکی گشتی))[1] . بگرە بەڕێوبەری یەکێک لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە وتارێکدا بەناوی ((فەمەنیزم لەرادیکالیەتەوە تا ئیسلامی..خوێندنەوەی بۆ تێزە فکریەکان)) یەکەم دێڕی بەم قسانە دەست پێ دەکات ((کێشەی ژنان ئامرازێکی سەرەکی بووە و هەیە بۆ جەنگ دژی ئیسلام))[2] نووسەری ئەم وتارە کێشەی ژنان بە یەکێک لە هێرشە فکریەکانی ڕۆژئاوادا دادەنێت کە دیوێکی تری کۆلنیالیزمە.

هەندێکی دی بە هەوڵێکی دادەنێن بۆ ڕەوایەتی دان بە هاوڕەگەزبازی _چ ژن و چ پیاو. زوربەی ئیسلامیەکان جێندەر وەک چەمکێکی ترسناک دەبینن کە ڕوکەشەکەی مافی ژنانە و ناوەڕۆکەکەشی تێکدانی ئەخلاقە. بە ڕاستیش (چەمکەکە ڕووبەڕووی زۆر پرسیار ورەخنە بووەتەوە، تەنانەت لەناو لایەنگرانی تیورەکانی یەکسانی ژنانەوە کە جیاوازییان لەسەر پێناسکردنی چەمکەکە هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کولتورەکان، ئەتنیەکان، دینەکان و چینەکان و هۆکاری زەمەنی دەوری هەیە لە پێناسکردنی جێندەردا، چونکە جێندەر پەیوەست و بەستراو و لەژێر کاریگەری شوێن و زەمەن و واقعی کولتووری کۆمەڵگادایە، لێرەوە زۆرێک لە فەمەنیستەکان جەختیان لەسەر جیاوازیی نێوان چەمکی (جنس) و چەمکی (جێندەر) کردەوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە تێکەڵکردنی نێوان ئەم دوو چەمکە و دەرخستنی خەسڵەتەکانی چەمکی جێندەر و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە). بەڵام پێش ئەوەی پێناسی جێندەر بخرێتە ڕوو و گرنگی ئەم چەمکە بۆ پرسی ژنان بخرێتە ڕوو، دەبێت سەرەتا بەو پێشگریمانە و بۆچونانەدا کە دەربارەی ژن و خەسڵەتەکانی لە کولتورە جیاوازەکاندا هەیە. ڕەنگە دێرینترین بۆچونێک کە لەبارەی ژنانەوە هەبوبێت و بگرە تا هەنوکەش خەڵکێکی زۆر بڕوایان پێیەتی و دەیڵێنەوە، ئەوەیە کە ژنان بونەوەرانێکی لاوازن و و پیاوان لەوان بەهێزترن. پیاوان لە ڕووی جەستەییەوە لە ژنان بەهێزترن و لەبەرئەوەش زوربەی ئەو کارانەی پێویستی بە هێزی جەستەیی هەیە بۆ پیاوان گونجاوترن. زۆرجار ژنان لە پیاوان بە هەست ناسکتر دەزانن و پێیانوایە ژنان هەست و سۆز بەسەریاندا زاڵە و ئەمەش وادەکات کەمتر کارەکانیان ئاوەزی بێت. بە پێچەوانەوە پیاوان کەمتر سۆزداریان هەیە و

---

[1] - عالية محمد محمد تراب الخياط: واقع بعض حقوق المرأة من خلال الجندر/ دراسة تحليلية من منظور التربية الاسلامية. مجلة كلية التربية، جامعة الازهر، العدد (١٦٤ الجزء الثاني) يوليو لسنة ٢٠١٥. ص ٣١٨.

[2] -https://www.albayan.co.uk/fileslib/articleimages/takrir/2-5-8.pdf

زۆرتر ئاوەز و لۆژیک بەسەریاندا زاڵە، لەبەرئەوە عەقڵانیانەتر لە ژنان ڕەفتار دەکەن. بە گشتی هەموو مرۆڤێک هەندێک بیروبۆچوونی لەبارەی سروشتی پیاو و ژنەوە هەیە. لە زوربەی کۆمەڵگاکانی دنیادا و بە درێژایی مێژوو نەوەکان ئەو بیروڕا و بۆچونانەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە کە لەبارەی سروشتی پیاو و ژنەوە هەیە و ئەو پێگانەی لە کۆمەڵگادا هەیانە. جۆن ئارچەر و باربارا لوید لە کتێبی (سێکس و جێندەردا) چەند گریمانەیەکی گشتی دەهێننەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لە زیهنی زوربەی کۆمەڵگەکاندا بۆ پیاوان و ژنان لە ئارادایە:

گریمانەی یەکەم: ئەوەی پیاو و ژن بە تەواوی لە ڕووی جەوهەریەوە لەیەک جیاوازن. ژنان و پیاوان کۆمەڵێک خەسڵەتی هەمیشەییان هەیە کە لە هەموو کات و شوێن و جوگرافیا جیاوازەکاندا یەک ناوەڕۆکیان هەیە، لێرەدا هەردوو نووسەر قسەی یەکێک لە کارەکتەرکانی شانۆگەریەکی بێرنارد شۆ دەهێننەوە بەناوی بگماڵیۆنەوە کە تیایدا دەکرێت کورتکردنەوەی ئەم ڕوانینە ببینرێن: (ژنان ناعەقڵانین، ئەمە هەموو شتێکە. کەڵلەسەریان پڕێتی لە لۆکە و وێنجە! ژنان زۆر بێزارکەرن، بێزارکەر، لەرزۆک، پێشبینیکراو، وروژاو و شێت و توڕە! بۆچی ژنان ناتوانن لە پیاوان بچن؟ پیاوان زۆر ڕاستگۆن، لەبەرئەوە بۆ هەمیشە نەجیبن. دادپەروەرن و هەمیشە پشتت دەگرن. بۆچی ژنان ناتوانن وابن)). ئەم پەرەگرافەی شانۆگەریەکی بێرنارد شۆ سەرجەم ئەو ڕوانینانە کورت دەکاتەوە کە بڕوای بە جیاوازیەکی جەوهەری و هەمیشەیی لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە. وا گریمانە دەکرێت ئەم دوو ڕەگەزە کە بە سروشت و پێکهاتە لەیەک جیاوازن و خەسڵەت و ئاکاری تەواو جیاواز و بگرە "ناکۆک بە یەک"یان هەیە.

گریمانەی دووهەم: ئەوەیە پیاوان لە ژنان باڵاترن و ژنان لە ئاستێکی نزمتردان. لەم ئاڕاستەیەدا سۆزداریی ژنان بەراورد دەکرێت بە خۆڕاگریی پیاوان. ژنان کەسانی لاوازن و بێ پشتیوانی کەسانی دی ناتوانن بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن.

گریمانەی سێهەم: پەیوەندی بە توانای عەقڵی ژن و پیاوەوە هەیە. بە گشتی ژن وەک بوونەوەرێکی ناعەقڵانی و نالۆژیکی بە بەراورد بە پیاو وێنا دەکرێت. ژنان لەبەرئەوەی سۆز زیاتر لە عەقڵ بەسەریاندا زاڵە، بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێنرێن و فێڵیان لێ دەکرێت، چ لە ژیانی تایبەتیدا و چ لە ژیانی پراکتیکیدا. بە پێچەوانەوە پیاوان بە کەسانی عەقڵانی و هاوسەنگ دادەنرێن. بگرە هەردوو نووسەر بڕوایان وایە یەکێک لەو بڕوایانەی لەسەردەمی تازەدا زۆر باوە ئەوەیە کە هۆی لاوازی گریمانکراوی سۆزداریانەی ژن، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکانی ژندا کە بەهۆی سوڕی مانگانە و منداڵبوون و سک پڕبوونەوە لە ژناندا ڕوو دەدەن. درێژبوونەوەی ئەم بۆچوونەش تا هەنوکە لەو ئاڕاستە پزیشکیەدا ماوە کە هەوڵدەدات گۆڕانکارییەکانی مەزاجی ژنان، بگەڕێنێتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی لە هۆرمۆنەکانی ژناندا بەهۆی منداڵبوونەوە دروست دەبێت[3].

دووەم: خەسڵەتەکانی جێندەر

ئیمی. ئس. وارتۆن لە کتێبی (کۆمەڵناسی جێندەر)دا دەڵێت: (سێ خەسڵەتی گرنگ هەیە بۆ پێناسکردنی جێندەر کە دەبێت بەردەوام لە تێڕوانینماندا بێت: ئەوەی جێندەر پرۆسەیە هێندەی دۆخێکی نەگۆڕ بێت. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە جێندەر بەرهەم دێت و بەشێوەیەکی بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە. واتە دەکرێت بگوترێت جێندەر نمایش و پراکتیک دەکرێت،

٣) کتێبی ئەلەکترۆنی
http://libgen.rs/book/index.php?md5=77AC4632B7777E49AE0D6E0FCC1D6D3F

تەنیا دەرنابڕدرێت، لێرەوە تێگەیشتن لەو میکانیزمانەی لە ڕێگەیەوە ئەم پرۆسەیە ڕوو دەدات، ئامانجێکی گرنگە. دووهەم جێندەر تەنیا خەسڵەتێک نییە پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەبێت، بەڵکو لەسەر هەموو ئاستەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدات. ئەمەش لەو بیرۆکەیەدا ڕوون دەبێتەوە کە جێندەر (ڕەوتێکە) لە کۆمەڵێک مومارەسەی لێکئاڵاوی دوورمەودا، کە سەربەخۆیە لە تاکەکان. جێندەر دیاردەیەکی فرە ئاستە، تێگەیشتنیش لێی بەمجۆرە وامان لێ دەکات لەو چۆنایەتییە بگەین کە چۆن پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان. وەک کارلێکردن و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان وەک کار، نمایشی جێندەر دەکەن و بەرهەمی دێنن. سێهەم: ئەم پێناسەیە بۆ جێندەر ئاماژە بۆ گرنگی ڕێکخستنی پەیوەندیە نایەکسانەکان دەکات)[4] . لێرەدا هەوڵدەدرێت کەمێک ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بدرێت:

١) جێندەر پرۆسەیە. هەر لەسەرەتاوە دەبێت بزانرێت کە جێندەر دەرئەنجامی بایەلۆجی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی پێشهات و بەسەرهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە. دروستکراوی کۆمەڵگاکان و کولتوور و شێوازی ڕوانینی کۆمەڵگایە بۆ هەریەک لە مێینە و نێرینە. ئەو خاسیەتانەن کە دەبێت نێر یان مێ لە کۆمەڵگادا هەیانبێت. ئەو قاڵبە ڕەفتار و کرداریانەن کە کولتوور و کۆمەڵگا بە گونجاویان دادەنێت بۆ هەریەک لە نێر و مێ. مرۆڤ چ نێر بێت یان مێ لە سەرەتاوە و بەپێی ڕەگەزەکەی فێر دەکرێت چۆن دەبێت ڕەفتار بکات، چۆن دەبێت جلوبەرگ بپۆشێت و چۆن دەبێت بیر بکاتەوە.

٢) جێندەر خەسڵەتێک نییە تەنیا پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەبێت، بەڵکو لەسەر هەموو ئاستەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات. زیاد لە بونیادێکی کۆمەڵایەتی چ لەسەر ئاستی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی جێندەر و سەپاندنیدا هەیە. چ ڕەفتارێک، چ کارێک، چ کاردانەوەیەک بۆ هەریەک لە نێر و مێ گونجاوە، لە لایەن زیاد لە بونیادێکی کۆمەڵایەتی و زیاد لە دامەزراوەیەکەوە بەرهەم دێت، خێزان، قوتابخانە، دین، کولتوور، ئابوری هەموو ئەمانە بەشداریی لە بەرهەمهێنانی جێندەردا دەکەن و لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و بەیەکەوە جێندەر بەرهەمدێنن.

٣) ئەم پێناسەیە بۆ جێندەر ئاماژە بۆ گرنگی ڕێکخستنی پەیوەندیە نایەکسانەکان دەکات. واتە کاتێک بەمجۆرە جێندەر پێناسە دەکرێت، ڕاستەوخۆ تیشک دەخرێتە سەر ئەم ناهاوسەنگییەی لە هەموو بوارەکاندا لەنێوان ژن و پیاودا هەیە.

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا جۆرێک دابەشکردنی کار هەیە لەسەر بنەمای ڕەگەزی نێر و مێ، واتە هەندێک کار هەن کە تایبەتن بە پیاو و هەندێکیشی تایبەتن بەژن.

**سێهەم: ڕوانگەی جێندەری**

ڕوانگەی جێندەری، جەخت لەسەر جیاوازی جێندەری لەدۆخ و دەسەڵات دەکاتەوە، هەروەها تێڕوانینی جێندەریی لە کاریگەری ڕەگەز لەسەر هەل و دەرفەتەکانی خەڵک و ڕۆڵ و کارلێکەکانی کۆمەڵایەتی دەڕوانێت، جێندەر پێکهێنەرێکی دانەبڕاوی هەموو ڕوویەکی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆژانە و تایبەتی تاک و کۆمەڵگایە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە. ڕوانگەی جێندەری خوێندنەوەیەکی تری ژیانی ڕابردوو و ئێستایە لە ڕوانگەی یەکسانیەوە. تەماشاکردنی مێژوو و ئێستایە لەو دیدەوە کە نایەکسانیەکی گەورە لەنێوان ژنان و پیاواندا هەیە و هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە بواری گشتی و سەرجەم ناوەندە کاریگەریەکانی

[4]) ايمي. اس. وارتون. علم اجتماع النوع: مقدمة في النظرية و البحث. ترجمة: هاني خميس احمد عبده. الطبعة الاولى. القاهرة: المركز القومي للترجمة، ٢١٤. ص٢٤

ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری. ڕوانگەی جێندەری گەڕانە بە دوای یەکسانی ئەرک ومافەکانی ژنان و پیاوان چ لەبواری تایبەتی و چ لەبواری گشتیدا. ئەم روانگەیە ئەوە دەبەخشێت بە چاوێکی دیکەوە و مێژوو و ڕابردوو و هەنوکەیی ژیانی خۆمان تەماشا بکرێت و و وردتر ئەو هۆکار و میکانیزمانە ببینین کە ژنان لە هەرەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریدا لە خوار پیاوەوە دادەنێت.

کاتێک لە ڕوانگەی جێندەریەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤایەتی دەڕوانرێت، گۆڕانکارییەکی گەورە و هەمەلایەنە دەبینرێت کە بەسەر تێگەشتن و روانینی کۆمەڵگاکان بۆ هەریەک لە چەمکی ژنێتی و پیاوەتی هەیە. ئەو کار و ڕەفتار و کاردانەوانەی سەردەمێک بە سیفەتە دیارەکانی ژن یان پیاو دادەنران، لەسەردەمێکی دیدا دەگۆڕێن و بەهەمان شێوە نامێننەوە. بۆ نموونە سەردەمێک هەندێک وەرزش تایبەت بە پیاوان بوون و هەر پیاوانیش پراکتیکیان دەکرد، لەکاتێکدا هەنوکە سەرجەم ئەو وەرزشانە لەلایەن ژنانیشەوە دەکرێن و تیاشیدا وەک پیاو سەرکەوتون (لەوانە وەرزشی فوتبۆڵ کە سەردەمێک تەنیا تایبەت بوو بە پیاوە، بەڵام هەنوکە ژنانیش هەمان وەرزش دەکەن و بگرە وەک پیاوانیش مۆندیالی خۆیان هەیە) . سەردەمێک سیاسەت بەکارێکی پیاوانە دەژمێردرا و ئەستەم بوو وێنای ئەوە بکرێت ژنان بەشداری تیادا بکەن، چ بگات بەوەی تیایدا کادری باڵا و بەڕێوەبەر و کەسی یەکەم بن. بەڵام هەنوکە تەنانەت لە هێزە دینیەکانیشدا ژنان نەک بەشداری لە سیاسەتدا دەکەن، بەڵکو پلەی هەستیار و کاریگەریشی تیا وەردەگرن. ژمارەی ئەو وەزارەت و بەڕێوەبەر و و مەکتەبی سیاسیانەی ژنان پڕی دەکەنەوە، روو لە زیادبوونە لە زوربەی کۆمەڵگاکاندا و بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردیشدا. کەم نین ئەو ژنانەی لە پێگەی سەرۆکایەتی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیدا دەبینرێن. ژنانێک دەبن بە سەرۆك وەزیران یان سەرۆك کۆمار، دەبن بە بەڕێوەبەری کۆمپانیا گەورە و نێودەوڵەتییەکان، دەبن بە بەڕێوەبەری دامەزراوەی گەورە و بچووک، دەبن بە وەرشکاری بەناوبانگ و نوسەر و لێکۆڵیار و ...هتد.

گەر تەماشای بوون و ئامادەیی ژنان لە بواری گشتیدا لەسەردەمی ئێستادا بکرێت و بەراورد بکرێت بە بوون و ئامادەیی ژنان لە قۆناغەکانی رابردوودا، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر دەردەکەوێت: چ ژن چ پیاو دەتوانن وەک یەک لەهەموو بوارەکاندا کار و چالاک بن و وەک یەکیش دەتوانن سەرکەتوو بن. هیچ شتێک نیە وابکات بڵێن ڕەفتار یان چالاکیەک یان رۆڵێك تایبەتە بە ژن یان پیاو، بەڵکو هەردوو ڕەگەزەکە وەک یەک دەتوانن هەمان کار و چالاکی و بەشداری بکەن و دەرفەتی سەرکەوتن یان نەکەوتنیشیان چونیەک بێت. ڕوانگەی جێندەری بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەی کار و سیاسەت و بریارانەی دەیدەین، ڕەچاوی هەردوو کارەکتەری ژن و پیاو وەک یەک بکات و هوشیار بێت بەوەی ئەو بەرنامەی کار و سیاسەتانە چ کاریگەریەکی لەسەر هەریەک لە ژیانی ژنان و پیاوان دەبێت.

کۆنگرەی جیهانی چوارهەمی ژنان کە نەتەوەیەکگرتوەکان لە پێکینی پایتەختی چین لە ساڵی ١٩٩٥دا رێکیخست، یەکەم جێگە بوو کە بە فەرمی (گشتاندنی بۆ ڕوانگەی جێندەری کرد) وەک ئامرازێکی چالاک بۆ بەدیهاتنی یەکسانی لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا. کۆنگرەکە پێشنیازی ئەوەی کرد ڕەچاوی ڕوانگەی جێندەری لە دارشتنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنیدا بکەن بە جۆرێک تێگەشتنێکی ڕوونتر بۆ بەشداری ژنان لە گەشەسەندنی نیشتیمایدا پێشکەش بکات [5]. لێرەوە ڕوانگەی جێندەری بریتیە لە هاندانی نەخشە دارێژەری هەر پلانێک چ سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی رەچاوی کاردانەوەی نەخشەکە لەسەر ژیانی پیاوان و ژنان بکات. بریتیە لە هاندانی پلانەکان بۆ ئەوەی ڕەچاوی یەکسانی ماف و

[5] https://wlahawogohokhra.com/10749

ئەرکی ژن و پیاو وەک یەک بکەن. ژووری بازرگانی و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتوەکان ((ئەسکوا)) وا پێناسی ڕوانگەی جێندەری دەکات: (( بریتیە لە ستراتیژیەک بۆ ئەوەی وابکات پێداویستی و ئەزموونەکانی ژنان و پیاوان ڕەهەندێکی گرنگی بڕیاردان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەت بەرنامەکان بێت لە هەموو بوارە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا))[6] .

ڕوانگەی جێندەری ستراتیژێکە بۆ پیاچوونەوە و نەخشە و پلاندانانێکی نوێ لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری بە ئاراستەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی ((تمیز الجنسی) و ڕەچاوکردنی یەکسانی مافی ژن و پیاو لەسەرجەم ئەو هەنگاو و بڕیارانەی لە بوارە جیاوازەکاندا دەگیرێتە بەر. هاندانە بۆ پەروەردەیەکی جیاواز کە ژن وپیاو وەک دوو بونەوەری خاوەن ماف و ئەرکی یەکسان تەماشا دەکات.

## بەشی سێهەم : لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

**یەکەم: زانیارییە دیموگرافییەکان**

لەم بەشەدا توێژەر لەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەوە زانیاری لەبارەی ڕەگەز و تەمەن و شوێنی کار و ناونیشانی زانستی و بروانامەو باری هاوسەرگیری دیاریکردوە ، وەک لە خشتەی ژمارە (٢)دا خراوەتە روو

خشتەی (٢) زانیاری گشتی لەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەوە روون دەکاتەوە

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 294 | 58.8 | 1 |
| مێ | 204 | 40.8 | 2 |
| پێم باش نیە بیڵێم | 2 | 0.4 | 3 |
| تەمەن | دووبارەبوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
| کەمتر لە ٣٠ساڵ | 9 | 1.8 | 5 |
| ٣٠ ساڵ بۆ ٤٠ ساڵ | 195 | 39.0 | 2 |
| ٤١ ساڵ بۆ ٥٠ ساڵ | 199 | 39.8 | 1 |

[6] - https://waselplatform.org/course/view.php?id=23

sjh@univsul.edu.iq

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3 | 16.4 | 82 | ٥١ ساڵ بۆ ٦٠ ساڵ |
| 4 | 3.0 | 15 | ٦١ ساڵ و زیلتر |
| ڕیزبەندی | % | دووبارەبوونەوەکان | ناوی ئەو زانکۆیەی کەوەک مامۆستا یان توێژەریت |
| 1 | 61.8 | 309 | زانکۆی سلێمانی |
| 7 | 2.8 | 14 | زانکۆی کۆمار |
| 2 | 13.0 | 65 | زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر |
| 9 | 1.4 | 7 | زانکۆی جیهان / هەولێر |
| 3 | 8.6 | 43 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| 6 | 3.2 | 16 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| 5 | 3.4 | 17 | زانکۆی دهۆك |
| 8 | 2.0 | 10 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك |
| 4 | 3.8 | 19 | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی |
| ڕیزبەندی | % | دووبارەبوونەوەکان | هەڵگری بروانامەی |
| 1 | 51.4 | 257 | ماستەر |
| 2 | 48.6 | 243 | دکتۆرا |
| ڕیزبەندی | % | دووبارە | ناونیشانی زانستی |
| 1 | 36.2 | 181 | مامۆستای یاریدەدەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مامۆستا | 173 | 34.6 | 2 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 113 | 22.6 | 3 |
| پرۆفیسۆر | 33 | 6.6 | 4 |
| دۆخی هاوسەرگیری | دووبارە | % | ریزبەندی |
| سەڵت | 80 | 16.0 | 2 |
| خێزاندار | 398 | 79.6 | 1 |
| جیابوەوە | 14 | 2.8 | 3 |
| پێم باشە نەیڵێم | 8 | 1.6 | 4 |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0 | |

